سودانی : لە ئەولەویەتەکانی حکومەت باشترکردنی خزمەتگوزاری و بژێوی هاوواتیانە



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە جەختی کردەوە لە ئەولەویەتەکانی حکومەت باشترکردنی خزمەتگوزاری و بژێوی هاوواتیانە.

ڕۆنوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا باویکردەوە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەمڕۆ پێنجشەممە پێشوازی کرد لە جێگری پێشووتری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕافع حیاد عیساوی و هەردوو وەزیرانی پێشووتری پلاندانان سەلمان عەلی جومەیلی و نوری سەباح دلەمی".

ڕ

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە "لە میانەی دیدارەکدا تاوتوێی بارودۆخی گشتی و دۆسیە گشتیەکانی کرا لە وڵاتدا و چێنیەتی پاپشتیکردن و پڕڕپەدانی هەوڵەکانی حکومەت کە لە بەرنامەکێیدا هاتووە، لەوانە ئەولەویەتەکانی حکومەت بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاری و بژێوی هاوواتیان".

ڕ

هەر بەو گوترەی ڕاگەیندراوەکە سەرۆك وەزیران" جەختی لەسەر گرنگی هەوڵی هاوبەش کردەوە

لایەن هەموو هێزە سیاسییەکانەوە، لەپەناو پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی، کە
بنگدانەوەی دەبێت لە تێواوکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی گەشەپێدان کە خزمەت بە عێراقییەکان
دەکات لە پارێزگا جیاجیاکان".